زنجیرەی ڕێنماییەکانی گۆڤاری ڕێگای ڕاست (٤٢)

لێکۆڵینەوەیەکی بابەتی و زانستیانە دەربارەی

# حوکمی

## یادی مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان

## بە بۆنەی لەدایك بوونی باشترینی پێغەمبەران ﷺ


**ئامادەکردنی**

م.عبدالغفور عبدالله صالح

**پێداچونەوەی**

م.عبداللطيف أحمد مصطفى

**پێش نوێژو وتار خوێنی مزگەوتی گەورەی چوارقوڕنە**

م.عبدالكريم محمد قادر

**پێش نوێژو ووتار خوێنی مزگەوتی (ئیمان) لە سلێمانی**

م. خليل أحمد


====================


**سایتی بەهەشت**

**www.ba8.org**

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ**


========================


**تێبینی** : مافی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە بۆ هەموو موسڵمانێکە بە مەرجێ وەکو خۆی بڵاوی بکاتەوەو دەستکاری نەکرێت

## پێشەكی
## مامۆستا عبدالكريم محمد قادر

بسم الله الرحمن الرحيم

ان الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات اعمالنا، من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد ان لا إله إلاَّ الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمداً عبده ورسوله صلى الله عليه وعلى آله سلم، وشر الأمور محدثاتها وكل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة وكل ضلالة في النار.

خوێنەری بەڕێز: السلام عليكم ورحمة الله وبركاته

ئەم نوسراوەی بەردەستت كە بریتیە لە (لێكۆڵینەوەیەكی زانستی) دەربارەی حوكمی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێشەوامان پێغەمبەر محمد صلی الله علیه وعلی آله سلم، كە برای بەڕێزو خۆشەویستم مامۆستا (عبدالغفور عبدالله) ئامادەی كردووە، وە لەسەر داوای بەڕێزی هەستام بە خوێندنەوەی هەمووی دێڕ بە دێڕ، لە ئەنجامدا بۆم دەركەوت كە بەڕاستی زۆر گرنگە هەموو موسڵمانان بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی پارێزراوبن لە ناشەرعیەكان و بیدعەكان، وە سوپاس بۆ خوا نوسراوێكی زۆر بەسوودە بۆ موسڵمانان لە هەموو سەردەمێكدا، داواكارم لە خوای گەورە پاداشتی بە خێری ئامادەكارو خوێنەر بداتەوە لەسەر ماندوو بوونیان.

لە كۆتاییدا ئەڵێم:

ئەمرین و ئەوەی نوسیومانە ئەمێنێتەوە، خۆزگە ئەوەی ئەیخوێنێتەوە دوعای خێری بۆ ئەكردین بەڵكو (الله) بە بەزەیی خۆی ڕەحممان پێ بكات و لە كەم و كووڕی و كردەوەی خراپمان خۆش بێت. وە هەموو نوسەرێك دەمرێت، بەڵام ئەوەی بە دەستی خۆی نوسیویەتی ئەمێنێتەوە، بۆیە شتێك مەنوسە بە دەستی خۆت تەنها ئەوە نەبێت كە پێت خۆشە لە ڕۆژی قیامەتدا بیبینیتەوە.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

نوسینی

عبدالكريم محمد قادر*

٣/ذي الحجة/١٤٢٩هـ

---

* مامۆستای بەڕێز ناوی (عبدالكريم محمد قادر)ە لە ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی (كۆرەی دوومالەی) ناحیەی تانجەرۆ (وارماوا) لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٨٧ دیراساتی ئیسلامی تەواو كردووە لە شاری سلێمانی، لە ساڵی ١٩٩٠ دبلۆمی وەرگرتووە لە زانستە شەرعیەكان لە بەغداد، وە لە ساڵی ٢٠٠٨ بەكالۆریۆسی وەرگرتووە لە زانستە شەرعیەكان لە كۆلێژی كوردستان بۆ پێگەیاندنی پێش نوێژو وتار خوێن لە شاری سلێمانی، وە ئێستا پێش نوێژو وتار خوێنە لە مزگەوتی ئیمان لە سلێمانی.

## پێشەکی

## مامۆستا خلیل أحمد

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله صلى الله عليه وسلم وعلى آله وصحبه ومن والاه الى يوم القيامة.

پاشان:

کتێبی (حوکمی مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی باشترینی پێغەمبەران)م خوێندەوەو بینیم نوسراوێکی مەزنە کە لەلایەن برای بەڕێزم مامۆستا (عبدالغفور عبدالله)وە نوسراوە. کە بەشێوەیەکی جوان و بابەتیانە مەسەلەکەی دیراسە کردووەو توانیویەتی حەق سەرخات و بەر پەرچی ناحەق و باطل بداتەوەو شوبهەکانیان لەبن دەربێنێ. بۆیە ئەم هەوڵەی بە بەرگریەکی گەورە دادەنرێت لە سوننەتی صەحیحی پێغەمبەرمان صلى الله عليه وسلم و ئەهلی سوننەو بانگەوازیکاران و پارێزەرانی سوننەت، وە وەستانێکی بەهێزە لە بەردەم دوژمنانی سوننەت و ڕەواج پێدەرانی گومڕایەتی بیدعەت و لاڕێ بوون بە ناوی دڵسۆزی و خۆشەویستی بۆ پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم.

جا خوای گەورە پاداشتی نوسەر بداتەوە بە چاکەو فەڕو بەرەکەت بخاتە تەمەن و خزمەتەکانی بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام و ئێمەو ئەویش لەو کەسانە بگێڕێت کە بە گوێرەی توانایان بەرگری دەکەن لە شەریعەتە پاك و بێگەردەکەی کە هیچ کەم و کوڕیەکی تیادا نیە.

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

نوسینی

خليل أحمد

٥/رمضان/١٤٢٩

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی چاپی یەکەم:

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا إنه من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمداً عبده ورسوله .

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴾[1]

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴾[2]

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴾[3]

أما بعد:

فإن أصدق الحديث كتاب الله، وخير الهدي هدي محمد ﷺ، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة، وكل ضلالة في النار.

دوای ئەوەی خەڵکی سەر زەوی کەوتبونە ناو گومڕاییەکی زۆر قوڵ و وێڵ و لاڕێ ببوون لە ڕێگای ڕاست و بە تەواوی شوێن هەواو ئارەزوی خۆیان کەوتبون و دەستیان دابویە بت پەرستی و دوور کەوتبونەوە لە پەرستنی خودای تاك و تەنها، لەو کاتەدا خوای پەروەردگار قورئانی پیرۆزی بۆ ناردنە خوارەوە بۆ ئەوەی ببێت بە شەرع بۆیان و پەیڕەوی بکەن و دوور بکەونەوە لە شیرك و کوفرو گومڕایی، وە بۆ گەیاندنی ئەم ئاینە پیرۆزەش کەسێکی لە خۆیان بۆ هەڵبژاردن بۆ ئەوەی ببێتە ڕێنومایی کارو ڕێ نیشاندەریان، کە ئەویش پێغەمبەری خۆشەویستمان (محمد ﷺ)ە، ئەو پێغەمبەرەی کە خوای پەروردگار دەربارەی دەفەرموێت: ﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلۡهَوَىٰٓ إِنۡ هُوَ إِلَّا وَحۡيٞ يُوحَىٰ ﴾[4]، واتە: (پێغەمبەر ﷺ بە هەواو ئارەزوی خۆی قسە ناکات، بەڵکو تەنها وەحیەو بۆی نێردراوە)، وە داواشی لە خەڵکی سەر زەوی کردووە کەوا شوێن فەرمانەکانی بکەون و دوور بکەونەوەو خۆیان بپارێزین لە نەهیەکانی، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْ ﴾[5]، واتە: (ئەوەی پێغەمبەر ﷺ بۆی هێناون وەری بگرن و ئەوەشی نەهی لێ کردون لێی دوور بکەونەوە)، کەواتە پێویستە لەسەرمان لاڕێ نەبین و لانەدەین لە سوننەتەکەی، وە دوور بکەوینەوە لە هەموو ئەو شتانەی کەوا نەهی لێ کردون و قەدەغەی کردووە لێمان.

---

[1] آل عمران:١٠٢

[2] النساء:١

[3] الأحزاب: ٧٠-٧١

[4] النجم/٣-٤

[5] الحشر/٧

یەکێ لەو شتانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لێ کردوین لەوەی کە هەستین بە ئەنجام دانی و بە تاوانێکی گەورەی داناوە، بریتیە لە ئەنجام دانی (بیدعه) واتە: (شتی زیاد کراوو داهێنراو لە دیندا) کە بریتیە لەو عیبادەتانەی کە دراونەتە پاڵ دین و لە بنەڕەتیشدا لە دیندا نین، یان کردنی کارو فەرمانێك کە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا نیەو ئیسلام بەرییە لێی.

وە یەکێ لەو بیدعانەی کە لە ناو کۆمەڵگای ئیسلامیدا ئەنجام دەدرێت و بە عیبادەتێکی گەورە دەزانرێت وسەیر دەکرێت، بریتیە لە ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی لەدایك بونی پێغەمبەر ﷺ (المولد النبوي)، کە ئەمەش هیچ بنەمایەکی شەرعی لەسەر نیە تەنها چەند شوبهەیەکی بێ بنەماو لاسایی کردنەوەی گاورەکان نەبێت، کە یادی لە دایك بونی عیسی علیه السلام دەکەنەوە، کە ئەمەش نەك هەر نابێت بە بەڵگەو دەلیل لەسەر ئەم ئاهەنگە، بەڵکو هەڕەشەی توندیش کراوە لە لاسایی کردنەوەو خۆ چواندن پێیان.

لەکۆتاییدا خوای گەورە هەمومان بکات بە شوێن کەوتەی ڕاستەقینەی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ لە هەموو کارو کردارێکی گەورەو بچوکماندا، وە نیەتمان پاك بکات و هەموو شتێکمان لەبەر خاتری ئەو بێت و سەرمان خات بۆ هەموو کارێك کە پێی خۆشەو جێگای ڕەزامەندی ئەوە..... آمین.

وصلى الله على نبيينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

**ئامادەکار**

٩ رمضان/ ١٤٢٧ **کۆچی**

١/ ١٠/ ٢٠٠٦ زاینی

**پێشەكی چاپی دووەم:**

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورەو پەرستراوی ڕاستەقینەمان، ئەو خوایەی كە ئاینەكەی بۆ تەواو كردوین و بە بێ هیچ كەمو كووڕیەك بۆی دابەزاندوینەتە خوارەوە، كە لە قورئانە پیرۆزەكەیدا دەفەرموێت: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا﴾، وە درودو صەلات و سەلامیش لەسەر ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستەمان بێت كە خوای گەورە پێی دەفەرموێت: ﴿قل ان كنتم تحبون الله فاتبعوني يحببكم الله ويغفر لكم ذنوبكم والله غفور رحيم﴾.

دوای ئەوەی بۆ جاری یەكەم ئەم بابەتە بڵاو كرایەوەو لە قەبارەیەكی بچوكدا كەوتە بەر دەستی خوێنەرانی خۆشەویست، لە زۆر شوێنەوە قسەو باسی لەسەر دەكراو هەر كەسەو بە پێی بۆچونی خۆی باسی دەكردو لێوەی دەدوا، جا خەڵكانێك هەبوون بە شتێكی باشیان دەزانی و پێیان وابوو كە ئەوەی نوسراوە حەقەو ڕاستەو بە بەڵگەی قورئان و فەرمودەی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ سەلمێنراوە، بۆیە ئەوانە جگە لە بێ دەنگی و دەست خۆشی هیچی تریان نەدەوت، خوای گەورە پاداشتی بە خێریان بداتەوە.

بەڵام جۆری دووەمیان كە ئەمە زیاتر جێگای مەبەستی منەكە قسەی لەسەر بكەم و لەسەری بدوێم، ئەو كەسانە بوون كە زۆر بێ ویژدانانەو بە بێ هیچ بەڵگەیەك دەكەوتنە سەر باسی بابەتەكەو بێ ئەوەی هیچ ترسێكی خوای گەورە لە دڵیاندا بێت هەموو بابەتەكەیان بە كوفرو گومڕایی دەزانی، وە وایان دەردەبڕی كە ئەوانەی باس لەو جۆرە بابەتانە دەكەن گومڕان و دوور كەوتونەتەوە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام.

بەڕاستی سەیرە یەكێك بڵێت با بەتەنهاو لە هەموو كارو كردارێكماندا شوێن پێشەواو خۆشەویستمان پێغەمبەر ﷺ بكەوین، وا لە قەڵەم بدرێت كە ئەو كەسە گومڕایەو دوور كەوتۆتەوە لە ئایینی ئیسلام!!!

بۆ نموونە ووتار بێژێك لە یەكێك لە مزگەوتەكان و لە كاتی ووتاری ڕۆژی هەینیدا ووتبووی: (ئەوەی ئەم بابەتەی نوسیوەو ئەوەش كە دەیخوێنێتەوە هەموویان كافرن)، بە ڕاستی جێگای داخە مامۆستایەكی بەڕێز دوای چەندین ساڵ خوێندنی زانستی شەرعی، بە یەكێك كە باسی تەنها شوێن كەوتنی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و دوور كەوتنەوەو وازهێنان لەو شتە زیادانەی كە كەوتونەتە ناودینەوە بكات و پاڵپشتی قسەكانیشی قورئان و فەرمودەی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ بێت، بڵێت ئەوە كافرن!!! وە من پرسیار لە مامۆستایان دەكەم بە شێوەیەكی گشتی، یەكێك ئاوا بێت و داوا لە خەڵك بكات كە واز لە بیدعە بهێنن و تەنها شوێن سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بكەون، ئایا ئەو كەسە كافرە؟

وە ئەی باشە ئەم مامۆستا بەڕێزە لەوە ناترسێت كە ئەگەر ئەو كەسانە شایانی ئەوە نەبن كە پێیان بوترێت كافر، ئەوا كافر بوونەكە بەسەر خۆیدا بگەڕێتەوە وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت؟

بۆیە منیش لەبەر ئەمانەو تا بابەتەكەش ووردتر باس بكەم و پاڵپشتی زیاتری بۆ پەیدا بكەم لە ڕووی زانستی و بابەتییەوە، هەستام بە كۆكردنەوەی بابەت و سەرچاوەی زیاتر لەسەر ئەم باسەو سەر لە نوێ داڕشتنەوەی بەو شێوەیەی كە لەبەر دەستت دایە.

وە دوای تەواو بوون و كۆتایی هاتنیشی بە پێویستم زانی بیخەمە بەر چاوی ئەم مامۆستا بەڕێزو خۆشەویستانەم و چەند مامۆستایەكی تر، كە پێیدا بچنەوەو بابەتەكە لە ڕووی زانستیەوە هەڵ بسەنگێنن، بۆ

ئەوەی دوور بێت لە هەڵەو کەمو کووڕی. وە وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (من لا يشكر الناس لا يشكر الله)[6] ، بۆیە من حەمدو سوپاسی خوای گەورە دەکەم لەسەر تەواو کردنی ئەم کتێبەو وە هەر لێرەشەوە سوپاس و خۆشەویستی خۆم دەنێرم بۆ ئەم مامۆستا بەڕێزانەی کە پێیەوە ماندوو بوون و کاتی خۆیان بۆ تەرخان کردم، وە هەروەها هەموو ئەو کەسانەش کە کەم و زۆر هاوکاریان کردووم، داواکارم لە خوای گەورە کە بە باشترین شێوە پاداشتی هەموو لایەکیان بداتەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم: ئەوەی کە ڕاستەو پێکاومە ئەوە لە خوای پەروەردگارەوەیە، وە ئەوەش کە هەڵەیەو نەم پێکاوە ئەوە لە نەفس و شەیتانەوەیەو داوای لێ خۆشبوون دەکەم لە خوای گەورە لە سەریان، وە خوای گەورە پاداشتی هەموو ئەو کەسانە بداتەوە کە لە کاتی بەر چاو کەوتنی هەر هەڵەیەك، (هەڵەکە) وەك دیاریەك بۆ خاوەنەکەی دەنێرنەوە بۆ ئەوەی لە چاپەکانی داهاتوودا چاکیان بکات انشاءالله.

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

ئامادەکار

٨/صفر/١٤٣٠ کۆچی

٢٠٠٩/٢/٣ زایینی

---

6 (صحيح) انظر حديث رقم: ٦٦٠١ في صحيح الجامع.